سەرۆک وەزیران جەختدەکاتەوە لە گرنگی یەکخستنی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن

ئەمڕۆ دووشەممە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران گرنگی یەکگرتن وتەواوکاری لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان بە ئەرکەکانیەوەو دەسەڵاتی جێبەجێکردن دووپاتکردەوە. نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا، بڵاویکردەوە" محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە شاری ناسریە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لە پارێزگای زیقار کۆبووەوە". لەکۆبوونەوەکەدا سەرۆکی حکومەت هەنگاو وئەو پڕۆژانەی کە حکومەت تەرخانیکردووە و جێبەجێی کردووە خستیەڕوو، بەمەبەستی هێنانەدی گۆڕانکاریی چۆنایەتی لە خزمەتگوزاری و واقیعی ئابووری پارێزگا زیقار وبەقەزا و ناحیە جیاوازەکانیەوە، جگە لەچەند پڕۆژەی نوێ کە ئەمڕۆ دەستیپێکرد و ڕاگەیەندرا." سودانی تەرکیزی لەسەر گرنگی یەکگرتن وتەواوکاری لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکار کردەوە، بەمەبەستی دابینکردنی خواست و پێداویستییەکانی هاووڵاتیان و تەواوکردنی پێداویستییە خزمەتگوزاری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە لەناو بەرنامەی حکومەتدا هاتوون. ڕاگەیەندراوەکەدا ڕوونیکردەوە کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران گوێ لە گەورەترین ئاستەنگ و تەحەددیاتی بەردەم پەرەپێدانی ئەدای دامودەزگا و فەرمانگەکانی خزمەتگوزاری حکومەت لە پارێزگاکەدا بوو کە لەلایەن پەرلەمانتارانی ئەم

پار□زگایە□ خرانە□روو.